ترەمپ: زیانەکانی ئاگرەکەی لەس ئەنجلس لە زیانی هەر هەرشەکی ئەتەمی بەسەر وڵاتەکەمان زیاترە



دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا ئەمڕۆ سەشەممە ڕایگەیاند، زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەکانی لەس ئەنجلس زیاترە لە "زیانی هەرشەکی ئەتەمی" بەسەر وڵاتەکەی.

دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکدا بە کەناڵی نیوزماکس، سەبارەت بە دۆخی ئاگرکەوتنەوەکانی لەس ئەنجلس ڕایگەیاندوە، "دۆخەکە زۆر خراپترە لەوەی کە لە تەلەفزیۆن دەیبینیت". وتیشی، "من باوەڕم بەوە هەیە زیانەکانی ئاگرەکەی لەس ئەنجلس لە زیانی هەر هەرشەکی ئەتەمی بەسەر وڵاتەکەمان زیاترە".

ترەمپ پێشتر بەرپرسانی ویلایەتی کالیفۆرنیای بە بێتوانایی تەمەتبار کردبو بەهۆی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئاگرکەوتنەوە کوشندەکانی دارستانەکان کە لە دەوروبەری لەس ئەنجلس سەریهەڵدا .

دوای ئەوەی ئاگرکەوتنەوەکان کە لە 7ی ئەم مانگە لە لەس ئەنجلس دەستیانپێکرد، بەلایەنی کەمەوە 24 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 12 هەزار و 300 باڵەخانە

وەرانبون، لەنێویاندا ماڵی کەسایەتییە ناودارەکان هەیە.